**ئامادەکردنی/ ئاسۆ بیارەیی**

2004-10-22

## پۆلیسی سلێمانی و 10هەزار دینار جەزا

**هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی (جەوهەر بابان)، کە دانیشتووی سوێدە، لە نێوان مانگی8-9ی ئەمساڵدا گەشتێک دەکاتەوە بۆ کوردستانی باشوور بۆ بینینی کەسوکاری، تووشی ڕووداوێکی سەیر دەبێت و خۆی بەم جۆرەی خوارەوە باسی دەکات:**

**من تەنها هاوینان کاتی سەفەر و پشوودانم هەیە، ئەم هاوینەش خۆم و خێزانەکەم، بڕیارمان دا سەرێکی کوردستان بدەینەوە.**

**ڕۆژێک لە گەڵ کەسوکاردا، کەوتینە ڕێ بۆ هاوینەواری دوکان،  یەک کیلومەتری مابوو بگەینە جێ، لە سەیتەرەیەکدا ڕایان گرتین، زۆر پێخۆش حاڵبووم بەبینینی کاری پۆلیسی ئاسایش کەوا بۆ ئاسایشی هاووڵاتیان کاریان دەکرد.**

**لە من وابوو دەست خۆشیم لێ دەکەن کە تەنها من لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا بە قایش خۆم بەستووەتەوە، لەدڵی خۆمدا وتم ئۆخەی ئەمە کوردستانە کەوا یاسای هاتوچۆی تێدا زاڵە، وا هەستم کرد کە لە سوێدم.**

**دەرگای ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە، مۆڵەتی لێخورینەکەم دا بە یەکێک لە پۆلیسەکان، دوای کەمێ تێڕوانین، مولازمێک وتی:**

**کاکە! تۆ چۆن ئۆتۆمبیل لێ دەخوڕی؟**

**وتم: بۆ؟**

**وتی: کاکە! دەبێ مۆڵەتی لێخورینەکەت بە زمانی کوردی بێت،ئەوسا بۆت هەیە لەکوردستان ئوتۆمبێل لێخوری، تۆ دیارە بێ ئاگای لە یاساکانی لێخورین!**

**وتم: یاسای لێخورین لە زۆر شوێنی جیهاندا وەکوو یەکە، ئەمەی منیش مۆڵەتێکی جیهانییە، ئەوەتا بە ئینگلیزیش لە سەری نووسراوە. من مانگێکە لێدەخورم کەس ئەو پرسیارەی تۆی نەکردووە. من بۆ سەردان هاتوومەتەوە و چەندڕۆژێکی تر ئەگەڕێمەوە.**

**ووتی: من ئەمە نازانم، بینەوبەرەمان پێ مەکە، یان دەست بەسەر  مۆڵەتی لێخورینەکەتدا دەگرین، یان دە هەزار دینار جەزات دەکەین.**

**منیش زۆرم لە گەڵدا نەگوت، نەمویست سەیرانەکە تێکبچێت و 10 هەزار دینار جەزام پێی دا.**

**سەیر ئەوەبوو ئەو پۆلیسەی کە منی جەزا کرد ، وەسڵێکی دامێ  کە بە زمانی عەرەبی  نووسرابوو  .**

**لە کۆتاییدا هیوادارم مولازم (دانا جەببار) پێش ئەوەی یەکێکی تر جەزا بکات، لە حکوومەتی کوردستان داوا بکات کە وەسڵەکان و مۆڵەتی لێخورینی ئەو عەرەبانە کە هاوینە هەوارەکانی کوردستانیان پڕکردووە، بکات بە کوردی تاکو پۆلیسی ئاسایش و هاتووچۆ سەریان لێ نەشێوێت.**



محاسبة ٣٨

وصل جباية بالمبالغ المستحصلة للحكومة

اسم الدائرة:

٢٢٧٦٠٤

التاريخ : ١٧/٩/٢٠٠٤

| المبلغ | | نوع الايرادات | السنة التي تعود اليها الايرادات | القسط |
|---|---|---|---|---|
| فلس | دينار | | | |
| | ١٠٠٠٠ | | ٢٠٠٤ | ١٠٠٠٠ |
| | | | | |
| | | | | |
| | ١٠٠٠٠ | المجموع فقط | | |

لقد قبضت من

المبلغ اعلاه وقدره ______ ديناراً و ______ فلساً

القابض ______ عنوان الوظيفة ______

التوقيع

چاپخانەی وەزارەتی دارایی